# یاسکە هەوشی یەکەم ژنە شاعیری کورد
# (پاڵپشت بە بەڵگەنامە و زانیاری مەیدانی)

**ئیرەج مورادی (ئیرەج حسێن موحەممەد)**
توێژەری بواری دەستووسی زانایانی کورد، ڕۆژهەڵاتی کوردستان: شاری سەردەشت
komasy2706@gmail.com

**پوختە**
مێژووی وێژەی کوردی هێشتا وەک خۆی نەنووسراوە و ڕێک نەخراوەتەوە. سەرەڕای ئەوەش هێشتا پێگە و جێگەی زانایان و شاعیرانی گەلەکەمان بەگوێرەی ڕیزبەندی سەردەم و بەرهەم و بابەت دەستنیشان نەکراوە. گەڕان بە ناوەڕۆک و پەراوێزی بەڵگەنامە و دەستنووسەکاندا زانیاری نوێ لەسەر کەسایەتی مێژوویی و وێژەیی دیکەمان بۆ دەردەخەن. لە کەشکۆڵەکەی شێخ عبدالمومن مەردۆخیدا (نووسراو لە ١١٩٨ کۆچی) شێعری یۆسف و یاسکە (یاسەمەن) دایکی هاتووە. یاسکەی شاعیر سەر بە تیرەی هەوشی جاف بووە.
پاڵپشت بە زانیارییە سەرچاوەییەکان لەسەر یۆسف یاسکە (مردن: ١٠٤٠ کۆچی) و ژیانی لەگەڵ خان ئەحمەد خان میری ئەردەڵان و مامۆستا بێسارانی شاعیر، هەروەها شوێنەوارە مێژووییەکان تایبەت بە یۆسف یاسکە و خێڵی هەووش (هەواری هەوشی، دێی کڵاشی هەوش و ...) و گێڕانەوەی زارەکی مەیدانی چەند لاپەڕەیەکی نوێ لەو بارەوە بۆ مێژووی ئەو سەردەمە هەڵدەدەینەوە. واتە بەو پێیە زیاتر لە دووسەد ساڵ پێش خاتوو مەستوورەی ئەردەڵان جێ پەنجەی شێعری کوردی بە قەڵەمی شاعیری ژنەوە دیارە و یاسکە هەوشی وەک یەکەم ژنە شاعیر لە شێعری کوردیدا دەستنیشان دەکرێت.
**وشەی سەرەکی: ئەردەڵان، یۆسف یاسکە، سەفەویە، زێران، کڵاش، زەڵم، کۆساڵان**

**سەری قسە**

ئەگەر لە ڕاستی ڕۆژگار بڕوانین، مرۆڤایەتی دوو باڵی هاوشان و هاوتینی ژن و پیاوی هەیە. مەلی مرۆڤایەتی لە ئاسمانی زانست و هونەر و هزردا، کاتێک فڕینێکی بەردەوام بە ئارامی و ئاسوودەیی دەبێت کە هێزی ئەو دوو باڵە لە یەک ئاست و بارستاییدا بن. مرۆڤی سەردەم لە ڕێی دوو کاروانی مێژووییەوە بە ڕابردوو دەبەسترێتەوە. واتە: کاتێک باس و ڕەوت و ڕووداوێک دێتە ئاراوە و دەچێتە ناو بەڵگەنامە، سەفەرنامە، شەڕنامە، گوزارشت و دەقەکان، ئەوە دیوێکی گواستنەوەی پەیام و وێنەکەیە. دیوێکی دیکە ئاخاوتن و گێڕانەوە و باوی سەرزارەکی ناو خەڵکە کە دەماودەم ئاودیو دەبێت. بەشێکی زۆر لە مێژووی مرۆڤایەتی لە ڕێی دیوی ئاخاوتن و گێڕانەوەدا دەبەسترێتەوە بە پاشخانی فۆلکلۆر و فەرهەنگی زارەکی. دانەر و دەرهێنەری فۆلکلۆر هەموو تاکێکی پێشینیانە. ئەڵبەت جاری وایە لەو پاشخانەدا دانەرێک بەدرێژایی مێژوو ناونیشانی دەمێنێتەوە. وەکوو: فەیلەقووز، دەروێشەکەی زرێبار، حەوتەوانان و عەواڵان، گاوری سەرکۆ، هەیاسی سڵتان مەحموو، گاوران و بەردەبووکان، وەزیرەکەی شاعەباس، فاتێ سوورەوان، لاس و خەزاڵ و ...

ئەوەی بەناوی حەیران، بەند، لاوک، لایەلایە، لاوانەوە، ڕاز و هەقایەت، ئەزموونی ڕستن و دروونی چۆخە و ڕانک، زانستی حەکیمی و چارەسەریی پیرەدایکان و باپیران و ... هەتا ئیستە بۆ ئێمە ماوەتەوە بە هێزی لایەنی مێژووی زارەکی بووە. ئەمانە لەسەر باڵی زانست و ئەزموونی ژیانی ڕۆژانەی چینی ژنان وەستاوە. لە چەرخەکانی دیرۆکی گەلی ئێمەدا وەک پێویست ئاوڕ لەو بوارە نەدراوەتەوە کە ناوی ژنێک ببێت بە سەردێڕی پەرتووک یا پاژێک لە وتاری کتێبێک. بۆ نموونە لە هونەری شێعردا ناتوانین لە باسی گۆرانی بەرتەونانە، چەمەری و سەردۆلکێژی، لایلایە، لاوانەوە، بەندی مەشکەژەنان، مۆرەی کچی دڵداری ڕێگەی کانی، حەیران و هۆرەی پیرەدایکان و ... کە زیاتر مڵکی توێژی ژنانی کوردە دەستپێکی مێژووەکەیان بخەملێنین. دیارە کە لە ڕوانگەی پسپۆڕانی وێژەدا ئەوانە دەچنە خانەی شێعر و هۆنراوە. شاعیر و بێژەر و هەڵگری ئەوانە تاقمی ژنان ئەژمار دەکرێن.



*JZSB* p-ISSN: 1813-0852, e-ISSN: 2617-3034

لێرەدا پێویستە بگوترێت ژنان لەو بەشەی شێعری فۆلکلۆردا پشکی پتر و شێریان بەر کەوتووە و هێزی پێویست بۆ باڵی خۆیان دابین کردووە. ئەوەی ماوەتەوە باسی دیوی مێژووی نووسراوەیە کە بەیارمەتی کنە و پشکنینەکان بە توێی پەڕاو و سیپارە و کەشکۆڵ و پەرتووکەکاندا دەتوانین سەرەداو و شوێنەواری بوونی ئەو هێز و بزاڤەیش لە ژناندا بدۆزینەوە.

بەشێکی زۆر لە هۆکاری کەمیی دەرکەوتنی هۆنەری ژن لە قەتارە و قافڵەی شێعری نووسراوی کوردیدا بۆ ئەوە دەگەڕێتەوە ئەوسا خوێندن بۆ کچان و کوڕان دادپەروەرانە نەبووە. کوڕان زیاتر چوونەتە بەر خوێندن. ئەگەر کچێ لەو ناوەدا بەختی ئەوەی بووە شارەزا بێت بە قەڵەم و قاقەز، زۆر دەگمەن و ئاوارتە بووە. تاق و تەرا باوکان و دایکان لە بنباڵی خۆیان بەپارێزەوە ئەلفوبێ یا قورئانخوێندنیان فێری کچەکانیان کردووە یا کچی وا بووە نازی زیاتری پێ براوە و هاوشێوەی براکەی مەشقی خوێندنی بۆ دانراوە و فێر کراوە. هەر بۆیە لە مێژووی گەلی ئێمەدا کەسانێ تاقانە وەک خاتوو ڕەبیعە خۆشکی سڵتان سەلاحەدینی ئەیووبی، خاتوو یاسەمەن هەوشی، دایە عاسیمە کچی سڵێمان پاشای بابان، خانزادی سۆران، خاتوو مەستوورەی ئەردەڵان، خاتوو خوەرشید دایکی مامۆستا قانع و ... وەک پێشەنگی خوێندەواریی سەردەمی خۆیان لەناو ژناندا هەڵکەتوون.

وتاری بەردەست هەوڵێکە بۆ ڕێکخستنەوە و نووسینەوە و دەرخستنی ژیان و بەسەرهات و بەرهەمی شێعری شاعیرێکی ژن لە سەردەمی شاعیرانی گەورەی کورد وەکوو شێخ مستەفای تەختە، مەلا مستەفای بێسارانی، مەلای جزیری، فەقێ تەیران و مەولانا دەردین کە بە هۆکاری نادیار نازی قەڵەم و قاقەزی پێ براوە و توانیویە بە نووسین و خوێندنەوە ئاشنا بێت. هیوادارم ئەم وتارە ببێت بە هەنگاوێک بۆ دۆزینەوەی بەرهەم و پەڕە ونبووەکانی ژیانی یاسکە (یاسەمەن) هەووشی.

**کێشانەوەی وێنەیەکی گشتی لە سەردەمی شاعیر**

زیاتر لە پێنج ساڵە خەریکی ساغکردنەوەی دیوانی شێعر و ژیان و بەسەرهاتی شاعیری گەورەی نیشتمان یۆسف یاسکەم. لەو پێناوەدا لایەن و لاپەڕەی دیکە لە مێژووی وێژەی ئەو سەردەمە دەرکەوتوون کە پێوەندییان بەو شاعیرە و هۆنەرانی دیکەوە بووە. بۆ نموونە شێعر و بەسەرهاتی ژیانی خاتوو یاسکە دایکی یۆسف و هەروەها پێوەندی بنەماڵەی یۆسف یاسکە بە زانایان و شاعیرانی هاوچەرخی خۆیان. ئەوەی زیاتر بەرچاوە لەناو شاعیرانی ئەو سەردەمەدا یۆسف یاسکە زیاتر پێوەندی بە مەلا مستەفا بێسارانییەوە بووە.

بە هەر حاڵ لەسای ئەو پشکنین و توێژینەوانە تا وەکوو ئیستە دوو وتارم لەو بارەوە چاپ کردووە:

- نووسینەوەی ژیانی مەلا مستەفا بێسارانی پاڵپشت بە چەند قەباڵەی نوێ و توێژینەوەی مەیدانی (کۆنفڕانسی ئەدەبیاتی هەورامی و چەند باسێک، هەڵەبجە، پاییزی ٢٠٢١)[1]
- هەوڵێک بۆ نووسینەوەی ژیان و بەسەرهاتی یۆسف یاسکە (کۆنفڕانسی مێژووی کورد لە ئاوێنەی دەستنووس و بەڵگەنامەکاندا، زانکۆی جیهان – سلێمانی، زستانی ٢٠٢٢)[2]

بۆ ئەوەی بزانین کەشی ژیانی یاسکە هەووشی شاعیر لە چ زەمەنێکی مێژوویدا بووە، پێویستە گوشراوەیەک لە دوو وتاری سەرەوە لێرە ئاماژە پێ بدەم تا وێنەیەک بێتە پێش چاومان: سەردەمی ژیانی مامۆستا بێسارانی لە مەودای ٩٥٠-١٠٥٠ کۆچیدا (١٥٤٣-١٦٤٠ ز.) بووە کە هاوکاتە لەگەڵ میرایەتی سوڵتانعەلی و تەیموور خان و هەڵۆخان و خان ئەحمەد خان لە میرنشینی ئەردەڵان و میرایەتی عومەر بەگ و قوباد بەگی دەڕنە[3] لە میرنشینی دەرەتەنگ. میرزا موحەمەدی بەختیاری کاتب و پیاوی ناو دیواخانی میرانی دەڕنە بووە و میرزا یۆنسی کوڕی هەم وەک ئاڵکاداری (نوێنەر و نێردراوی خاوەن مڵک) هەڵۆخان لە ناوچەی بێڵەوار[4] ناسراوە.

یۆسف یاسکە (١٠٠٢-١٠٤٠ کۆچی/١٥٩٣-١٦٣٠ ز.) هەر لە تەمەنی منداڵیدا میرزا یۆنسی باوکی کۆچی دوایی کردووە. بۆیە ژیانی ئەوان بە بارێکی دیکەدا کەوتووە و سەرپەرشتیاری کوڕەکانی (موحەمەد شادمان[5] و یۆسف[6]) وە ئەستۆی یاسەمەنی (یاسکە) خێزانی دەکەوێت. یۆسف لە خوێندنگەی (مزگەوت یا دیواخان) ناو قەڵای پاڵنگان دەنێردرێتە بەر خوێندن. هەر لە تەمەنی منداڵی و لاوی دەبێتە هاوەڵی خان ئەحمەد خان. دواتر کە بە فەرمانی شا عەباسی سەفەوی، خان ئەحمەد خان

1 بڕوانە: شاخەوان سدیق،ئەدەبیاتی هەورامی و چەند باسێک،کۆمەڵگەی پەروەردەیی مارگریت،چاپخانەی کارۆ،سلێمانی، ٢٠٢١، لاپەڕە ١٠١-١٤٤

2 بڕوانە: موورادی باقلاوایی ئیرەج، هەوڵێک بۆ نووسینەوەی ژیان و بەسەرهاتی یۆسف یاسکە (١٥٩٣-١٦٣٠)، گۆڤاری زانستی زانکۆی جیهان – سلێمانی، بەرگی ٦، ژمارە ٣، حوزەیرانی ٢٠٢٢، لاپەڕەکانی: ٦٠-٩١

3 خانای قوبادی (١١١٥-١١٩١ کۆچی) شاعیر وەچەی قوباد بەگی دەڕنەیە. (بڕوانە: خەزنەدار مارف، مێژووی ئەدەبی کوردی، بەرگی ٢، لاپەڕە: ٧٣

4 ناوچەیەکی بەپیت و بەرەکەتە لە نێوان کامیەران و کرماشان و کولیایی

5 باپیرەگەورەی کۆلکەی بەشێک لە دانیشتووانی ئاوایی هانۆڵان لە ناوچەی جوانڕۆ

6 باپیرەگەورەی دانیشتووانی ئاوایی زێران لە ناوچەی جوانڕۆ

لە جێی هەڵۆخانی باوکی لەسەر تەختی شانشینی ئەردەڵان دادەنیشێ، دەوری یۆسف یاسکە هەم هاوچەشنی وەزیر یا کاردارێکی گرینگ دەردەکەوێ. دواتر یۆسف تووشیاری پلار و پێلانی ڕەقیبانی دەبێت و لە بەندیخانەی قەڵای زەڵم زیندانی دەکرێت و بە شێوەیەکی زۆر دڕندانە دەکوژرێت.

یۆسف یاسکە لەگەڵ شاعیرانی هاوچەرخی خۆیدا وەکوو فەقێ موحەمەدی جەفایی[7] و مەلا مستەفا بێسارانی[8] موشاعیرەی بووە. لە دیوانی شـــاعیرانی ناوبراو وتووێژی شـــێعریبیان لەگەڵ یۆســـف یاســـکە هاتووە. جیا لەوە شـــاعیرانی دیکە کاتێ لە شێعرەکانیان بە ڕیزبەندی و پێرست ناوی هۆنەرانی کۆنی کوردیان هێناوە، بەم جۆرە ناوی یۆسف یاسکە هاتووە:

زەید عەلی وە جاف، نەجەف وە کەڵهوڕ　　یۆسف یاسکە ژ کووی کەماڵ پوڕ[9]

**

شوعەرای کوردستان گۆیەندان خاس　　هەرچی مەشهوورەن پەرێت کەروو باس...

یۆسف یاسکە، مەلا تەمەرخان　　شێخ عەلی حەریر، مەلا یەعقووب جان[10]

**

زیاد جە گردین شای سینەسافان　　مەخدوومی مەعدووم مەولەوی جافان...

ئەشعاری یۆسف، ئەبیاتی خانا　　جە خەیاڵ خاسیش وە هیچ مەنمانا[11]

**ناساندنی یاسکە (یاسەمین) هەوشی**

ئاسەمین و یاسەمین لە کوردەواری بە ناوی گوڵ و کچ دەناسرێتەوە.[12] هەر دوو ناوەکە لە کۆنەوە لە کۆمەڵگەی ئێمەدا باو بووە. ناوی گوڵێکی جوان و بۆنخۆشە و خانمان لە باخچە و ئینجانە دەیڕوێنن. وەک گەلێک ناوی دیکە لە کوردەواری ئاسەمین بە ئاسکە و یاســەمین بە یاسـکە گۆڕدراوە. لە سـەرجەم ئەو کەشـکۆڵ و دەسـتنووسـانە بەتایبەت کەشـکۆڵی شـێخ عبدالمومن مەردۆخی نووسراو لە ساڵی ١١٩٨ کۆچی (ئەرشیڤی کتێبخانەی بریتانیا بە ناونیشانی or.6444) و کەشکۆڵی ئاریان نووسراو لە پێش ١٢٣٠ کۆچی (ئەرشیڤی نووسـەر) و کوشـکۆڵی بڵبەری (ئەرشـیڤی دکتۆر سـەعید حوسـەینی - مەریوان)[13] کە شێعری ئەو دوو شاعیرەی تێدایە، جگە لە کەشـکۆڵی عبدالقادر کوڕی خضر چاوش نووسراو لە ١٢٤٥ کۆچی (ئەرشیڤی نووسـەر) کە ناوەکە بە (یوسف آسـکە) نووسـراوە، لەوانیتر بە (یوسف یاسـکە) هاتووە. ئەڵبەت لەو شـوێنانەی (زەڵم، دزڵی، بەڵخە، سلێن، دێوەزناو، پاڵنگان، زێڕان، کلاشی هەوش، کاژاو، ڕانیە، تفڵی، بنۆڵ، حەسـەناوا و بێڵەوار) چیرۆک و شوێنەواری پەیوەست بە یۆسف یاسـکە و یاسـکە هەوشـی هەیە، زیاتر ناوەکە بە (ئاسـکە) دەبیسـترێت. کەواتە هەتا ئێرە دەرکەوت ئەو خاتوونە شـاعیرە ناوی یاسەمین بووە و لەبەر خۆشەویستی یا بەهۆی باوی ناو خەڵکەوە بە یاسکە و ئاسکە ناوی تۆمار کراوە.

لە بەسـەرهاتی یۆسف یاسکەدا وا هاتووە کاتێ خان ئەحمەد خان ئەردەڵان دەنگۆی پێوەندی هاوسـەرەکەی – کڵاوزەڕ – و یۆسـف یاسـکە دەبیسـتێ، ئەمر دەکات و ئەو شـاعیرە لە زیندانی قەڵای زەڵم بەند دەکا. پاش ماوەیەک بەشـێوەیەکی زۆر دڕندانە زیندەبەچاڵی دەکەن. هەتا ئیسـتەش چەند شـوێن لە سـنووری ئەو قەڵایەدا ماوە کە بەڵگەی سـروشـتی و جوغرافیایین بۆ بوونی یۆسف یاسـکە لە قەڵای زەڵم: یاگەو وێسۆ ئاسکە لە چیای مەڵەخورد، زینانوو وێسۆ ئاسکە و کەکەوی وێسۆ ئاسکە لە تەنیشت پاردەی زیندەبەچاڵەکەی لە بەرانبەر قەڵای خان ئەحمەد خان. یاســـەمەن خاتوون کە پێشـــتریش بەهۆی پیشـــەی مێردەکەی هـاتوچۆی لەگەڵ دیواخـانی هەڵۆخـانی ئەردەڵانـدا بووە. دواتریش کە کوڕەکەی بووەتە کـاردار و وەزیری نـاو دیواخـانی خـان ئەحمەد خان بە هەمان شێوە شوێنێکی خۆش و شاهانەی بووە لە شانشینی ئەردەڵانەکاندا. تەنانەت دەڵێن خاتوو یاسکە هاودەم و هاوڕێی تایبەتی دانیشتنی ژنانەی خاتوو کڵاوزەڕ بووە لە شانشینی خان ئەحمەد خاندا.

لای خەڵکی ئاواییەکانی تفڵی و بنۆڵ وا باوە کە خێڵی هەوشـــی کە نیشـــتەجێ چیاکانی کۆســـاڵان بوون، جیا لە ئاژەڵداری پیشەی دیکەیان هەڵاوەڕێسی بووە. جوانترین کۆتاڵی جاووگ و هەڵاوەیان بە خوری و لۆکە ڕستووە. لە سەردانی ئەو ئاواییانە

7 ساڵحی مەحیەدین، سرود بادیە، لاپەڕە: ١-٣ و ١٥٣-١٥٥

8 حەبیبی عەبدوڵا، دیوانوو بێسارانی، لاپەڕە: ٧١٧-٧٢١

9 ساڵحی مەحیەدین، سرود بادیە، لاپەڕە: ١-٣

10 قەرەداغی موحەمەد عەلی، دیوانی ڕەنجووری، لاپەڕە: ٧١-٧٤ و خەزنەدار مارف، مێژووی ئەدەبی کوردی، بەرگی ٢، لاپەڕە: ١١٩

11 قەرەداغی موحەمەد عەلی، دیوانی مەولەوی، بەرگی ١، لاپەڕە: ١٢٣-١٣٣ و موفتیزادە موحەمەد ســـدیق، لێکۆڵینەوەی ئەدەبی کوردی، لاپەڕە ٢٨٥-٢٨٧

12 گیوی موکریانی، لاپەڕەکانی ٨ - ٩٣٧ و مورادی ئیرەج، فەرهەنگی ڕوەکناسی کوردستان، لاپەڕە: ٣-٣٢٢

13 سەید عەبدوڵا کەلجینی – بڵبەری، کەشکۆڵی چەند شاعیری کۆنی کورد، نووسراو لە ١٢٥٣-١٢٦٠ کۆچی، ٥٨ لاپەڕە (a و b)



*JZSB* p-ISSN: 1813-0852, e-ISSN: 2617-3034

باسی گیای ڕەژیە (ڕەژیەسوور) بەرگوێم کەوت. گیایەکی وردیلەی گۆشتی سوور بووە کە خومکەر بەنی پێ ڕەنگ کردووە و ڕەنگاوی سووری تۆخی لێ دەرچووە. کۆتاڵی جاووگ و هەڵاوە بەو ڕەژیە سوور کراوە. دەگێڕنەوە کە هەڵاوەی سوور لە سەردەمانی زوو کەمتر باو بووە کە ژنان لەبەر چاوی خەڵکی لەبەری بکەن. زیاتر باوی شەوانە بووە و لەناو ڕۆژدا هەلاوەی سپییان لەبەر کردووە و بۆ ڕانک و پاپۆشی کاروفرمان بەکاریان هێناوە. باسێکی دیکە کە دەیگێڕنەوە لەو ناوچەیە ئەوەیە کە کاتێ خاتوو کڵاوزەڕ هەڵاوەی ڕەنگاوڕەنگی دەستکردنی خێڵی هەوشی بینیوە، نموونە و دیاری ناردووەتەوە بۆ ماڵەباوانی لە ئەسفەهان.

به هەر حاڵ بەهۆی دەنگۆیەک کە نەیار و ڕەقیبان بڵاوی دەکەنەوە و دەیدەنە پاڵ پێوەندی نهێنی دڵداری یۆسف یاسکە و خاتوو کڵاوزەڕ، هەلومەرجی ژیانی خاتوو یاسکە لە شانشینی خان ئەحمەد خان و خاتوو کڵاوزەڕ تێک دەچێ و چارەنووسی ئەویش دەبەسترێتەوە بە سەرنجامی مەرگ و ژیانی کوڕەکەیەوە لە زیندان و سیاچاڵی قەڵای زەڵم. لە وتووێژە شێعریەکانی یۆسف یاسکە و خاتوو یاسکەی هەوشی زۆر بەڕاشکاوی دیارە بارودۆخی زۆر تاڵی یۆسف لەو ماوە زیندانیەدا چۆن بووە:[14]

شێعری یۆسف یاسکە لە کاتێ زیندانیدا، باسی داماوی و بەندبوونی خۆی کردووە:

| | |
|---|---|
| چەرخ مینایی، چەرخ مینایی | یا ساحیب چەرخ بەرز مینایی |
| جە تۆن ڕێزەی ڕەمز ڕاز ڕەوایی | هەم جە تۆ مەبۆ موشکڵگوشایی |
| نە کەس جای ئومێد، نە کەس فەریادڕەس | غەیر جە تۆ فێشتەر نەمەشناسوو کەس |
| بە هەر جا بەندەن زایەڵە و زەنجیر | پەرێم مەژەنۆ مەقامات گیر |
| شیر خەم ڕێزەی ئوستخوانم وەرد | زاڵەم زایەڵەی زاڵەوانان بەرد |
| کۆندە و کۆتەڵان پابەستم کەردەن | دوو شاخەی دەستم وەستەن نە گەردەن |
| سێ جا، سێ زەنجیر، سێ بەند، سێ تەوق | هەر بەندێ پەشتان چەند سێلسێلە و ڕەوق |
| سەراسەر پەشتان بەژن باڵامەن | نە سەبر، نە ئارام، نە جای ناڵامەن |
| گیرم دان بە دام سیای سەهمناک | چون مەجنوون‌ئاسا خەڵتان بیم نە خاک |
| من بەی جەفاوە هەر شوکر تۆمەن | تاریکی زوڵمات شەوێ بێ ڕۆمەن |
| من هۆ خەریکم چەنی داخ دەرد | سارایی[15] یەکسان خاک سارام کەرد |

لێرە یۆسف یاسکە حاڵی بەندکراوی و کەلەبچەیی و دۆخی ڕەشی خۆی دەگێڕێتەوە کە چۆن ئازاری ئەدات، بەڵام ئەو پاڵ ئەداتە هێزی دەروونی خۆی و باڵادەستی خوداوە کە فریای بکەوێت و لەو هەلومەرجە بێهیواییە ڕزگاری بێت.

شێعری یاسکە کاتێ یۆسفی کوڕی لە زیندان بووە:

| | |
|---|---|
| یا شا ڕەها بۆ، یا شا ڕەها بۆ | میرزام جەی بەندە بە زوو ڕەها بۆ |
| سپەردەی دەوای قەدیمنەما بۆ | دەستش بە دامان ئیمام ڕەزا بۆ |
| ئەخی حاجەتواز بکەرۆ حاجەت | بە سەرسایەش بۆ سای دەست قودرەت |
| باجەتی بێچۆن مروەتەن ئامان | میرزام وەس کێشۆ بەند بێسامان |
| خەلاس بۆ جە بەند بە قودرەت وێت | کەرەمت فرەن با کەم نەبۆ جێت |
| ئەودی بشۆوە وە چاخ ساڵان | ببۆ بە هامڕاز شای سۆسەنخاڵان |
| بنیشمێ بە هەم گشت بە ماوەرۆ | بواچوو جە لاش مەجەرای بێشۆ |

14 سوڵتانی ئەنوەر، کەشکۆڵە شێعریکی کوردی گۆرانی، لاپەڕە: ٣٢٦-٣٢٨

15 لە کەشکۆڵی شێخ عبدالمومن مەردۆخی (لاپەڕە ٣٠٤: F.37) مامۆستا بێسارانی باسی خەم و دەردی دڵداری یۆسف یاسکەی کردووە و ئەو ئەوینداریە گرانەی بە (سارایی) ناو هێناوە. مامۆستا عەبدوڵا حەبیبی توێژەری بەڕێز و ساغکەرەوەی دیوانی بێسارانی لە لاپەڕە ٧١٧-٧٢١ ئاماژەی بەوە کردووە وشەی سارایی لێرە دەبێ مەبەستی لە دڵدارەکەی یۆسف یاسکە بێت. دیسان لە کەشکۆڵی ناوبراو (لاپەڕە ٣٠٥: F.37) یۆسف یاسکە لە شێعری (مەولام پەڕ جە دەرد) وڵامی مامۆستا بێسارانی داوەتەوە و ئەویش ناوی (سارایی) هێناوە و باسی کردووە. لە لاپەڕەی کۆتایی دەستنووسی (حاشیة شرح رسالة الاستعارات – حسن بن محمد الزيباری) لە ئەرشیڤی ماڵپەڕی (مكتبة الامام الحكيم العامة) بەغداد (بە زنجیرەی ژمارە ٢١٦٠) کە ئەمیش کاتبەکەی شێخ عبدالمومن مەردۆخی بووە، شێعرێک بە سەردێڕی (هەر چەند دوور نەبی جاستانەی یاران) هاتووە. کۆتایی شێعرە بەم شێوە هاتووە: ئومێدم بە لوتف شەریفی یاران / سارایی جارێو [ناخوێنرێتەوە]. لەوێش دیسان وشەی سارایی وەک ئاماژەیەک بۆ یار و دڵدار دووپات بووەتەوە. لەگەڵ چەند کەس لە توێژەرانی بواری شێعری کۆنی هەورامی و کەشکۆڵی شاعیران لەو بارەوە قسەم کردووە، بۆچوونی زۆربەیان بەتایبەت کاک عەبدوڵا حەبیبی لەسەر ئەوە بوو ئەو شێعرەش هی یۆسف یاسکەیە.



*JZSB* p-ISSN: 1813-0852, e-ISSN: 2617-3034

لە کەشـکۆڵەکەی شـێخ عبدالمومن مەردۆخی کە تا ئێسـتە کۆنترین بەڵگەی تۆمارکراوی شـێعرەکانی یاسـکەیە، لەسـەر ئەو شێعرەوە نووسـراوە: یاسـکە در سـوال [ناخوێنرێتەوە] یوسـف. بەداخەوە بەهۆی دڕانی ئەو لاپەڕەیە لە شوێنی ئەو نووسـراوە و هەروەها لێڵبوونی دوو وشـەی پێش یۆسـف، دەرنەکەوت کە یاسـکە بە شـێعر چ پرسـیارێکی بۆ یۆسـف ناردووە. لە کەشـکۆڵی سـەید عەبدوڵا بڵبەری (لاپەڕە: ٥٧a) بەهەڵە لەسـەر ئەو شێعرە نووسـراوە: یوسف یاسکە. خاتوو یاسکە بە دەستەواژەی (شا) ڕووی لە پەروەردگار کردووە و تکا و داوای بەرز کردووەتەوە بۆ ڕزگاربوونی کوڕەکەی. خاڵێکی دیکە ئەوەیە خاتوو یاسـکە لەو شـــێعرە دوو جار وشـــەی (میرزا)ی بۆ ناوی کوڕەکەی هێناوە. ئەڵبەت لە (دەســــتش بە دامان ئیمام ڕەزا بۆ) لەوانەیە ئاماژەیەکی دیکە بێت بۆ سـۆزداری کردنی پێوەندییەکە کە خان ئەحمەد خان هاوسـەرەکەی (خاتوو کڵاوزەڕ) لەسـەر مەزهەبی شێعە بووە و بەشکوو بەو جۆرە یۆسفی کوڕی لە زیندان ڕزگاری بێت. بەپێی دوو دێڕی کۆتایی شێعرەکە خاتوو یاسکە باسی ئەوەی کردووە کە کوڕەکەی لە زینـدان ڕزگـاری بێـت و بگەڕێتەوە و وەک جـاری جـاران لەگەڵ هـامۆزاکەی (شــــای سۆسەنخاڵان) بێت و پێکەوە لە دەوری یەک دابنیشن و ئەویش ماجەراکەی بەتەواوی بۆ بگێڕێتەوە.

یۆسف یاسکە لە وڵامی خاتوو یاسەمەنی دایکیدا:

| | |
|---|---|
| یاسکە یاوا، یاسکە یاوا | بای شەماڵ نامەت یاونا و یاوا |
| عەرزەی هاڵانت تەوەن پێ تاوا | پەردەی دەروون پێ شەق بێ شکاوا |
| وەنەت مالووم بۆ نوور دیدەی من | مایەی زیندەگی بەرگوزیدەی من |
| یە گشت کەردەی دەور چەرخ گەردوونەن | فرێ خاتران پەی مەوج هوونەن |
| ئەر مەوێت دەوران بە کام تۆ بۆ | سەبر سابریت با خدێ و خۆ بۆ |
| سابر سەبرش بەرد یاوا بە وایە | سەیوان دەوڵەت بیش وە سەرسایە |
| ئەر خودا مازۆ خان نامەر | چوون یۆسف جە چاهـ ماوەرۆم وە بەر |
| ئەوسە بە کۆری ڕەقیبان ڕەد | من ئەو یۆسفم خان ئەو خان ئەحمەد |

لەم شـێعرە یۆسـف باسـی لە نامەکەی یاسـکەی دایکی کردووە کە چەندە تەژی لە ناڵە و گریان و دەرد بووە. یۆسـف لەو شێعرە بە دەستەواژەی (نوور دیدەی من – مایەی زیندەگی بەرگوزیدەی من) دەستی کێشاوە بۆ پێوەندی و خۆشەویستی خۆی و دایکی. هەروەها دڵنەوایی دایکی داوەتەوە بە سـەبرگرتن و ئۆمێدواربوونی بە خان ئەحمەد خان کە لەو سیاچاڵە ڕزگاری بێت. خاڵێکی زۆر گرینگ ئەوەیە یۆسف یاسکە خۆی شوبهاندووە بە یۆسفی کەنعان و پیلانی ڕەقیبانی کە لەبەر چاوی خان ئەحمەد خانی بخەن. (بە کۆری ڕەقیبان ڕەد) بەڵگەیەکی ڕوونە کە دەبێ باسـی چیرۆکی یۆسـف یاسـکە و خاتوو کڵاوزەڕ بەو شـێوە نەبێت کە لە گێڕانەوەی دەماودەمدا هاتووە. بەڵکوو دەبێ پیلانی ڕەقیبان و ناحەزانی یۆسف یاسکە بێت کە گەرمی و نێوانخۆشی یۆسف یاسکە و خان ئەحمەد خانیان بە لاوە خۆش نەبووە. هەر بۆیە دەستیان داوەتە داڕشتنی پیلانێکی نەگریس و بڵاوکردنەوەی دەنگۆی درۆینە تا وەکوو یۆسف لە شانشینی ئەردەڵانەکان بکەنە دەرەوە.

پاش ئەوەی کە یۆسف بەو شێوە دڕندانەیە دەکوژرێت، یاسەمین (یاسکە) هانا دەباتە لای باوانی کە نیشتەجێی چیای کۆساڵان بوون. ئەوانیش شــــەوانە بەنهێنی دەڕۆنە زەڵم و جەنازەکەی یۆســــف دەردێننەوە و چاڵەکە دادەپۆشــــنەوە. ئینجا دەیبەنە یاڵی پیربالێنان و لە نزیک ئاوەدانی خۆیان (هەواری هەوشـــی) دەینێژن. [پیربالێنان و هەواری هەوشـــی دەکەوێتە نێوان دوو گوندی بنۆڵ و تفڵی.] هەتا ئێسـتەش کێل و بەردەچنی مەزاری ئەو شـاعیرە لەوێ ماوە و لای دانیشـتوانی ئەو دەڤەرە وەک شـەهید و کوژراوێکی داماو چیرۆکەکەی دەگێڕنەوە. لە نێوان ئەو دوو گوندە شـوێنەواری گوندێکی چۆڵ هەیە کە بە هەوشـی دەناسـرێ. وەک دەیگێڕنەوە سـەردەمانێک لەوێ تیرەیەک لە جافەکان بە ناوی هەوش یا هەوشـی ژیاون. بەو شـێوەیە هەتا ئێرە زانیمان کە شاعیر ناوی یاسەمین سەر بە تیرەی هەوشی جاف بووە.

وەک لە سـەرەوە باسمان کرد یۆسف یاسـکە (١٠٠٢-١٠٤٠ کۆچی/ ١٥٩٣-١٦٣٠ ز.) لە منداڵییەوە هاوڕێی خان ئەحمەد خانی ئەردەڵان بووە. واتا کاتێ یۆسـف لەدایک بووە خاتوو یاسـکە (یاسـەمین)، تەمەنی ١٥ سـاڵ یا زیاتر بووە. کەواتە دەبێ لەدایکبوونی یاسکە دەوروبەری ساڵەکانی ٩٨٠-٩٨٥ کۆچی بێت. هەروەها بەپێی ناوەرۆکی بەسەرهاتی مردنی یۆسف تا دوای سـاڵی ١٠٤٠ کۆچی لە ژیاندا بووە. بەسـاڵاچووەکانی زێڕان و هانۆڵان دەیگێڕنەوە کە دایەگەورەیان یاسـەمین خانم خەڵکی گوندی کڵاشـی هەوش بووە لە ناوچەی کڵاش لای جوانڕۆ. ئیسـتاکە وەچەی خاتوو یاسـکە (بەرەی یۆسـف لە ئاوایی زێڕان و

بەرەی موحەمەد شـادمان لە ئاوایی هانۆڵان) نیشـتەجێن.[16] وەک بەسـاڵاچووەکانی ئەو دوو گوندە دەیگێڕنەوە خێڵی هەوش (یا هەوشـی) کە هەواری هاوین و بەهارەیان لە کوێستانی کۆسـاڵان بووە، دواتر بە یەکجاری لە ناوچەی کڵاش و بەتایبەت گوندی کڵاشـی هەوش نیشـتەجێ دەبن. هەروەها گوندی زێڕان و هانۆڵان هەم کە لە بناغەدا تاپۆی بە ناوی میرزا یۆنسـی بێڵەوارییەوە بووە، ماوەیەک بەهۆی یۆسف یاسکەوە لە ترسی ئەردەڵانەکان چۆڵ دەبێ. دواتر بەهۆی مردنی خان ئەحمەد خانی ئەردەڵان و دەستاودەست بوونی میرایەتی ئەردەڵانەکان ناکۆکیەکە دەڕەوێتەوە و بنەماڵەی یۆسف یاسکە و موحەمەد شادمان دەگەڕێنەوە بۆ سەر زەوی و زاریان لە زێڕان و هانۆڵان.

زیاتر لەمانە ئیتر زانیاریەکی نووسراو یا زارەکیم دەست نەکەوت کە پشتی پێ ببەستم و ڕۆخساری فەرامۆشکراوی ئەو شۆڕەژنە شاعیرەی پێ ڕوون بکەمەوە.

**شوێنی یاسکە (یاسەمین) هەوشی لە مێژووی ئەدەبیاتی کوردیدا**

خاتوو یاسەمین هەوشی وەک لە سەرەوە ئاماژەی پێ کرا، شێعری (یا شا ڕەها بۆ)ی هەیە. هەروەها بەپێی شێعری (یاسکە یاوا)ی یۆسف یاسکە هەم دەبێ خاتوو یاسەمین شێعر یا نامەیەکی دیکەی بە ڕێگەیەکی پەنامەکی (بای شەماڵ) بۆ ئاگەداری لە دۆخی کوڕەکەی لە زیندانی خان ئەحمەد خانی ئەردەڵان ناردووە. ئەو شـێعرە یا نامەیە دیار نییە، کامەیە. بەپێی وڵامی شێعریەکەی یۆسف بۆ دایکی دەبێ جیا بێت لە شێعری (یا شا ڕەها بۆ). ئەگەرچی شێخ عبدالمومن مەردۆخی لە کەشکۆڵەکەی (یاسکە یاوا)ی بەم شێوە (یوسف یاسکە در جواب ... یوسف) لە دوای شێعری (یا شا ڕەها بۆ) داناوە.

جیا لە شێعری (یا شا ڕەها بۆ) لە کەشکۆڵی ناوبراو شێعرێکی دیکە بە ناوی (یەک سەری مووتەن) هاتووە و لەسـەری نووسـراوە: یاسـکە. ئەو شـێعرە موناجاتێکی پڕ لە واتایە بۆ پەروەردگار و پەسـنێکی کەیل لە جوانی و تاریفە بۆ پێغەمبەری ئیسـلام. نموونەی ئاوا موناجاتێک بەو قووڵایی چەمک و واتایە هی کەسـێکی نەخوێندەوار و کەمخوێندەوار نییە. بەڵکوو لە کەسێکی شێوە شەرعزان و مامۆستای وانەبێژ و زانایەکی زیرەک دەوەشێتەوە:[17]

[موناجاتێکی یاسکە هەوشی]

| | |
|---|---|
| یەک سەری مووتەن، یەک سەری مووتەن[18] | دوو جەهان بەهای یەک تایێ مووتەن |
| کەعبەی مورادات، مەقسوودات ڕووتەن | قیبلەی موئمێنان تاق ئەبرووتەن |
| جوود هەر مەوجوود جە نوور تۆوەن | هەرچی نوور تۆش نییەن، درۆوەن |
| کەوسەر جە قەترەی بەحر سەخاتەن | بەهەشت جە سەد یەک نوور سەفاتەن |
| تووبا جە هێممەت بوڵەند پایەی تۆن | ئاڵەم نە سای ئەو، ئەو نە سایەی تۆن |
| فریشتە و مەلەک، قەسر قسوورات | جە نوور تۆوەن حوور مەقسوورات |
| ئەبر و مەە و باد، خورشید و ئەفلاک | موڵک و مەملەکەت، ئافاق و ئەملاک |
| جەهان سەراسەر جە زەل تا ئەبەد | جە نوور تۆوەن قدرة الصمد |
| دۆزەخ گرانەن، پڕشنگ ئایرناک | مەر هەر نوور تۆش بکەرۆ هیلاک |
| ئاسمان تا عەرش، زەمین تا ماهی | جە نوور تۆوەن مدران کەماهی |
| ماە و خوەر جە نوور تۆ مۆنەووەرەن | تۆ نوورت جە نوور دانای داوەرەن |
| ئەر تۆ نمەبی جە کۆ مەبی عەرش | جە کۆ بی کورسی هەفت سەما و هەفت فەرش |
| جێبریل کێش مەبەرد وە تەخت ئاڵا | ڕەفرەف کێش مەنیا وە عەرش باڵا |
| کێ مەبی ئەحمەد، موحەمەد، مەحموود | کێ مەبی باعێس جوود هەر مەوجوود |
| ئەگەر نامای تۆ وە ڕووی بەسات | لەولاکە لەولاک بە کێشان مەوات |
| بافت کێ مەبی قەسر فێردەوسەین | بە کێشان مەوات شای قاب قەوسەین |
| وە ڕووی لەوح سەنای کێ مەنویست قەڵەم | غەیر جە تۆ وە عەرش کێ مەنیا قەدەم |

16 لە سەردانی ئاوایی زێڕان قەباڵەیەکی تاپۆی ئەو گوندەم دەست کەوت لە ئەرشیڤی موحەمەد ئەمین مورادی . قەباڵەکە ساڵی ١٢٨٥ کۆچی نووسراوە سەبارەت بە کێشەی لە نێوان کچەکانی یاسکەلە و کوڕەکانی وەیس (= یاروەیس، خزر وەیس و عەلی وەیس). یاسکەلە (یاسین) و وەیس کوڕی یۆسف کوڕی یاروەیس کوڕی کوێخا موستەفا کوڕی ئیسحاق کوڕی خوائیساف کوڕی یاروەیس کوڕی یۆسف یاسکە کوڕی میرزا یۆنسی بێڵەواری کوڕی میرزا موحەمەدی بەختیاری دەڕنە بووە. (بڕوانە: وێنەی ژمارە ٨)

17 سوڵتانی ئەنوەر، کەشکۆڵە شێعریکی کوردی گۆرانی، لاپەڕە: ٣٥٢-٣٥٣

18 لە ئەسڵی کەشکۆڵەکەی شێخ عبدالمومن مەردۆخی (لاپەڕە ٤٢٠: F.47) ئەوە بە (یکسر موتن) هاتووە، بەڵام بەپێی باڵی دوایی دێڕەکە و واتای شێعرەکە دەبێ ئاوا بێت: یەک تایێ مووتەن، یەک تایێ مووتەن

خودای قورئانش وە کێ مەکیانا          نوور لێقای وێش بە کێ مەنمانا
ئاخر نام کێش بە حەبیب مەبەرد          گشت دینان مەنسووخ دین کێ مەکەرد
کێ مەبی واقیف سیڕڕ ئێلاهی          نە سای کێ مەبی جە مەە تا ماهی
کێ مەبی بە شای کولل کائێنات          پەنج فەرز پەرێ کێ ماما بە خەڵات
ئەگەر نمەبیت خاتم النبی          خەتم ئەنبیای مورسەل کێ مەبی
جەزەڵ تا ئەبەد سەروەر هەر تونی          حەبیب دانای داوەر هەر تونی
دەر شەفاعەت تو مەکەریەوە          گوناکاران دڵ تو مەدەریەوە
ئەمیر عەرسەی عەرەسات تونی          خولاسەی خالیس مەوجوودات تونی
تونی شەفاخوای گونای عاسیان          بە تو مەبەخشان دین دڵسیان
یا رسول الله فرەن گونامان          پەنامان بە تون بدەی پەنامان
بەشق نوور وێت بە رب العباد          ڕۆی مەحشەر جە شام نازیمان جە یاد

بە هەر حاڵ یاسـکە هەوشـی وەک یەکەم ژنە شـاعیری کورد بە موناجاتێکی پڕ واتای چەمک و فام و کەیل لە جوانکاری شـێعری دێتە کاروانی شـاعیرانی گەلەکەمان. بەدڵنیاییەوە ئەگەر کەشـکۆڵ و سـیپارە کۆنەکانی دیکە وا ڕۆشـنایی توێژینەوە لەسەریان نەکەوتووە یا هێشتا نەدۆزراونەتەوە، شێعری ئەو دایک و کوڕە شاعیرەی تێدایە.

لە مێژووی ئەدەبی کوردیدا تا سـەردەمی جووڵانەوەی نوێ لە گەشـەی شـێعر و وێژە چەند شـاعیرێکی دیکە لەناو تاقمی ژناندا هەن کە دەتوانرێت وەک ئاڵاهەڵگرانی شێعری کوردی ئەژمار بکرێن.

1. زولێخا ناوێک کە یەک پارچە شێعری بە سەردێڕی (سەرمامم کەردەن، سەرمامم کەردەن / خانا دڵگیریت سەرسامم کەردەن) لێ بە جێ ماوە کە نامەیەکی شـێعری ئەو ژنە شـاعیرەیە بۆ خانای قوبادی (١٠٩٨-١١٦٨ کۆچی). میرزا شـەفیعی کولیایی هەم بەپێی شـێعری (خانای دڵ وە تەنگ) ئاگەداری ئەو پێوەندییە شـێعرییەی خاتوو زولێخا و خانا بووە.[19] دوای خاتوو یاسەمین هەوشی ئەم شاعیرە دەبێتە دووهەم ژنە شاعیری کورد کە لە مێژوودا ناونیشان و شێعری تۆمار کراوە.

2. مەسـتوورەی ئەردەڵان: ئەم شـاعیرە وەک لە بەرهەمەکانی و هەروەها تاریفی مێژوونووسـاندا هاتووە جیا لەوەی شـاعیرێکی کوردی و فارسـیبێژ بووە، شـەرعزان و مێژوونووسـێکی گەورەیش ئەژمێردراوە. یەکەم جار میرزا عەبدوڵا سـەنەندەجی (ڕەونەق) سـاڵی ١٢٦٥ کۆچی (١٨٥٣ ز.) لە کتێبی (تذکره حدیقه امان‌اللهی) بەشـێک لە شـێعرەکانی خاتوو مەسـتوورەی هێناوە. هەروەها لە ئەرشـیڤی (British Library) بە ژمارە (OR-14108) چەند شـێعری ئەو شـاعیرە لە کەشکۆڵێک پارێزراوە. یەکەم جار ساڵی ١٣٠٣ هەتاوی بەشی فارسی شێعرەکانی خاتوو مەستوورە لە تاران چاپ کراوە.[20] سەرجەم دیوانی ئەو شاعیرە ساڵی ٢٠٢١ لە زانکۆی سۆران چاپ بووە.[21]

3. پیرۆزە کچی حەسـەن کەنۆش: ئەوەی بەردەستە تا ئێستە دوو شێعری هەجوی خاتوو پیرۆزە لە وڵامی شێعری شێخ ڕەزادا (١٢٥٣-١٣٢٨ کۆچی) تۆمار کراوە. سەردێڕی شێعرەکانی ئەو ژنە شاعیرە ئەمانەیە: ڕەزا وە زەفتم ڕەزاوە زەفتم — لە دوورۆ هاتی وەمزانی پیاوی.[22]

4. ئامینە ناوێک خەڵکی ناوچەی بانە کە کاتێ دڵدارەکەی — حەسەن — دەکەوێتە زیندانی عوسمانیەکان لە شاری مووسڵ، وتووێژێکی شێعری لە نێوانیاندا هاتووەتە ئاراوە. ئامینە و حەسـەن لە دەوروبەری ساڵەکانی ١٨٧٠ ژیاون. ئامینە بەم سەردێڕە وڵامی شێعرێکی حەسەنی داوەتەوە: سەلامی یاری ئاوارە لە بەندی تۆفی سوڵتانی.[23]

5. خـاتوو خۆرشـــید مەریوانی: بەپێی ژیـان‌نـامەی قانیع کە گوایە تـازە پێ هەڵدەگرێ دایکی عەمری خوا دەکا، خاتوو خۆرشـید سـاڵی ١٩٠٠ کۆچی دوایی کردووە. مامۆسـتا قانیع لە شـێعری (مەریوانە مەکانی مەهرۆخانە) لە باسـی زانایانی مەریواندا ناوی شێخ سەعیدی باپیری و خاتوو خۆرشیدی دایکی هێناوە:

جەنابی ناری فەرمووی خاکی ئێمە          قەدیم تا ئێستا جێگای شاعیرانە

---

19 کاروان عوسمان خەیات، دیوانی خانی قوبادی، لاپەڕە ٣١٥-٣١٨

20 مەعرفەت حاجی شێخ یەحیا، دیوانی دیوانی ماه شرف خانم کردستانی متخلصة به مستوره، ١٣٠٤

21 موفتی‌زادە موحەمەد سدیق، دیوانی مەستوورە، ٢٠٢١

22 شێخ موحەمەدی خاڵ و ئومێد ئاشنا، دیوانی شێخ ڕەزای تاڵەبانی، لاپەڕە ١٣٠-١٣٣

23 خەزنەدار مارف، لە بابەت مێژووی ئەدەبی کوردییەوە، لاپەڕە ١٥-١٧

مامۆستا قانیع لە شێعری (کچ کە کەوتە چواردە ساڵ) تێهەڵکێشی کردووە لەسەر شێعری (هەندێ کچ بێ تەجرەبەس سووراو و سپیاوی ئەوێ) خاتوو خۆرشیدی دایکی. هەروەها لە دیوانەکەیدا دوو پارچە شێعری دیکەی ئەو ژنە شاعیرە تۆمار کراوە: کچ لە دوو کوڕ ناگەڕێ هەر کوڕ بە کچ حاشا ئەکا – کچم ڕۆڵەی کزۆڵەی بوردەبارم.[24] هەروەها بابە مەردۆخ ڕۆحانی شێعری (وەسیەتی خاتوو خۆرشید بۆ عادیلەی کچی) ئەو خاتوونە شاعیرەی هێناوە و باسی ئەوەی کردووە خاتوو خۆرشید کتێبێکی بە فارسی لەسەر داب و دەستووری ماڵداری و بەخێوکردنی منداڵ هەیە کە هێشتا چاپ نەکراوە.[25] بەپێی توێژینەوەکانی خۆم، شێخ عەزیزی پیران باپیری ئەو شاعیرە بەهۆی شەڕی بەناوبانگی جافەکان لە قەڵای خاو دوور دەخرێتەوە بۆ ناوچەی دەشتی زەهاو. دواتر دەنێردرێن بۆ شاری سنە و شێخ عەزیز و هەر دوو کوڕەکەی – مەعرووف و فەتاح – لەو شارە نیشتەجێ دەبن. لەوێ شێخ مەعرووف باوکی خاتوو خۆرشید دەبێتە کاتب و میرزای بنەماڵەیەکی ئەردەڵانەکان بە ناوی ئەولەسەن خان. خاتوو خۆرشید بە منداڵی لەبەر دەستی خاتوو فاتیمە هاوسەری ئەولەسەن خان گەورە دەبێت و بەو جۆرە فێری ئەلفوبێ و نووسین و خوێندەواری دەبێت. ئەو خاتوو فاتیمەیە ئامۆزا [یا میمکەزا]ی خاتوو مەستوورەی ئەردەڵان بووە. بەو جۆرە خاتوو خۆرشید لەو بنەماڵەیە گەلێک ئەزموونی ژیان کۆ دەکاتەوە و فێر دەبێت. هەتا ئێستەش نەخشی قاڵی کوردی خۆرشیدی کە داهێنراوی خاتوو خۆرشید بووە لە ناوچەکانی سنە و مەریوان و بانە باو و ناونیشانی ماوە. لە گەڕان و پشکنینەکانم بۆ ژیان و بەسەرهاتی ئەو ژنە شاعیرە پارچە شێعرێکی چاپنەکراو و دەرنەکەوتووی دیکەی خاتوو خۆرشیدم دەست کەوتووە و لە یاداشتێک نووسیومە.

6. ساریا دۆسکی (١٩٠٢-١٩٨٨). بەڕێز دکتۆر حسین عوسمان عەبدوڕەحمان ساریا مستەفا بازیدا دۆسکی، لە ژمارە ١٣ گۆڤاری ڕووگەە وتارێکی تێروتەسەلی لەسەر ئەو شاعیرەی دەڤەری بادینان نووسیوە.

**تێبینی کۆتایی:**

لەو کاتەوە کە دەستم کردووە بە کۆکردنەوە و دیجیتاڵی کردنی قەباڵە و دەستنووسی پێشینیانی کوردەواری و لە کتێبخانەی (دەستنووسخانەی دیجیتاڵی باقلاوا) ئەرشیڤم کردووە، چەندین کەشکۆڵ و سیپارە و پەڕاوی جۆراوجۆر کە شێعری یۆسف یاسکەی تێدا بووە لە فایلێکی جیاواز داماوە و هەر شێعرێکی تازەی بەرچاوم کەوتووە، دەستبەجێ لە شێوە ڕێنووسی کۆنەوە گۆڕیومە بە نووسینی ئێستە و پەراوێزم بۆ داناوە. هەروەها ئەوەی لە سەرچاوەکان لەسەر ئەو شاعیرە و هەروەها خاتوو یاسەمینی دایکی بەرچاوم کەوتووە یا لە گەڕان و لێکۆڵینەوەی مەیدانی بەشێوەی زارەکی چیرۆک و بەسەرهاتی ئەو دوو کەسایەتیەم بەرگوێ کەوتووە، پاش بژارتن و شەنوکەو کردن وەک پێشەکی و ناونیشان و پێناسەی ئەو دوو شاعیرە پەیوەستی شێعرەکانم کردووە. بەشێک لە ئەنجامی ئەو توێژینەوە و ناوەرۆکی دیوانی (یاسکە هەوشی و یۆسف یاسکە) لە دوو وتاری پێشکەشکراوی (نووسینەوەی ژیانی مەلا مستەفا بێسارانی پاڵپشت بە چەند قەباڵەی نوێ و توێژینەوەی مەیدانی - هەوڵێک بۆ نووسینەوەی ژیان و بەسەرهاتی یۆسف یاسکە) و وتاری بەردەست خراوەتە ڕوو. دیارە بۆ کۆکردنەوەی زانیاری مەیدانی لەو بارەوە سەردانی ناوچەی جوانرۆ (ئاواییەکانی زێران، هانۆڵان و ...) کردووە و وەچەی ئەو شاعیرە و هەروەها توێژەرانی بواری دەستنووس و ساغکردنەوەی دیوانی شاعیران لەو هەوڵ و هیوایە ئاگەدارن.

**سەرچاوەکان**

1) بڵبەری سەید عەبدوڵا، کەشکۆڵی چەند شاعیری کورد، (نووسراو لە ١٢٥٣-١٢٦٠کۆچی)، ٥٨ لاپەڕە، ئەرشیڤی سەعید حوسەینی، مەریوان

2) حسین عوسمان عەبدوڕەحمان، ساریا مستەفا بازیدا دۆسکی، ژمارە ١٣، گۆڤاری ڕووگەە، ٢٠٢١، زاخۆ

3) حەبیبی عەبدوڵا، دیوانوو بێسارانی، چاپی یەکەم، پەخشانگای کوردستان، سنە، ١٣٩٦ (٢٠١٦)

4) خەزنەدار مارف، لە بابەت مێژووی ئەدەبی کوردییەوە، چاپی یەکەم، چاپخانەی الموسسة العراقية للدعاية و الطباعة، بەغداد، ١٩٨٤

5) خەزنەدار مارف، مێژووی ئەدەبی کورد، بەرگی ٢، چاپی یەکەم، پەخشانگای ئاراس، هەولێر، ٢٠٠٢

---

24 ساڵحی ڕەفیق، دیوانی قانع، لاپەڕە: ١٥٩- ٤٤٣- ٤٦٤- ٤٦٥

25 ڕۆحانی بابە مەردۆخ، مێژووی ناودارانی کورد، لاپەڕە ٦٠٦-٦٠٧



*JZSB* p-ISSN: 1813-0852, e-ISSN: 2617-3034

6) دێن گارسیا سیلوا فیگوئروا، سفرنامە سفیر اسپانیا در دربار شا عباس اول، وەرگێرانی غوڵامڕەزا سەمیعی، چاپی یەکەم، چاپخانەی نشر نو، تاران، ١٣٦٣ (١٩٨٤)

7) ڕۆحانی بابە مەردۆخ، مێژووی ناودارانی کورد، وەرگێران: ماجد ڕۆحانی، بەرگی ٢، چاپی یەکەم، بڵاوکراوەی ئاکادمیای کوردی، هەولێر، ٢٠١٠

8) ڕەزاقولی موحەمەد ڕەستگار، یوسف یاسکە شاعری کرد از صدە دوازدهم هجری، هفتەنامە ڕۆژان، سنە، ژمارە ٦٩، ١٣٩٤ (٢٠١٥)

9) ڕەزاقولی موحەمەد ڕەستگار، یۆسف یاسکە شاعیری سەدەی دوازدەی کۆچی مانگی، گۆڤاری مەهاباد، ژمارە ١٧٥، ٢٠١٦

10) ژین (ڕۆژنامە)، ژمارە ١٣٩٥، (شعر و شاعرەکانمان: یوسف یاسکە ١)، مامۆستا نەجمەدین مەلا، سلێمانی، ١٩٥٧

11) ساڵحی ڕەفێق، دیوانی قانع، چاپی یەکەم، وەشانخانەی ئامیار، سنە، ١٤٠٠

12) ساڵحی مەحیەدین، سرود بادیە: در احوالی و آثار شعرای کورد و لک و لر، پەخشانگای کوردستان، سنە، ١٣٨٠ (٢٠٠١)

13) سوڵتانی ئەنوەر، کۆنترین دەستخەتی شیعرەکانی بێسارانی پارێزراو لە دارالمخطوطاتی بەغدا، ژمارە ٩، گۆڤاری کەشکۆڵ، مەهاباد، ٢٠١٨

14) سوڵتانی ئەنوەر، کەشکۆڵە شیعرێکی کوردی گۆرانی (کەشکۆڵی شێخ عبدالمومن مەردۆخی)، پەخشانگای تراستی سۆن، لەندەن، ١٩٩٨

15) سەنەندەجی (ڕەونەق) میرزا عەبدوڵا، تذکرە حدیقە امان‌اللهی، ساغکردنەوە: عبدالرسول خەیامپوور، چاپی یەکەم، پەخشانگای (موسسە تاریخ و فرهنگ ایران)، تاران، ١٣٤٤ هەتاوی (١٩٦٥ ز.)

16) شێخ موحەمەدی خاڵ و ئوێید ئاشنا، دیوانی شێخ ڕەزای تاڵەبانی، چاپی یەکەم، دەزگای چاپ و بڵاوکردنەوەی ئاراس، هەولێر، ٢٠٣٣

17) عومەر ئیسماعیل مارف، قەڵای وسوو ئاسکە لە دەربەند دەستکردی خان ئەحمەد خانی والی ئەردەڵان، ڕۆژنامەی کوردستانی نوێ، ژمارە ٧٧٩٩، دووشمە ٢٠١٩/٠٢/٢٥

18) عەبدوڕەقیب یۆسف، ئەشکەوتی خان ئەحمەد خان و قەڵات و شوورەی زەڵم، گۆڤاری مێژوو، ژمارە ٨، کۆمەڵەی ڕۆشنبیری مێژوویی کوردستان، هەولێر، پاییزی ٢٠٠٨

19) عەلیخانی ڕۆستەم، یوسف بیلواری شاعر و خواننده عهد صفوی، چاپی یەکەم، پەخشانگای کالج، سنە، ١٣٩٤ (٢٠١٤)

20) قەرەداغی موحەمەد عەلی، دیوانی ڕەنجووری (مەلا عومەری زەنگەنە)، چاپخانە آفاق عربية، بەغداد، ١٩٨٣

21) قەرەداغی موحەمەد عەلی، دیوانی مەولەوی، بەرگی ١ و ٢، بڵاوکراوەکانی ئاکادمیای کوردی هەولێر، ٢٠١٥

22) کاروان عوسمان خەیات (ڕێبین)، دیوانی خانی قوبادی، چاپی یەکەم، وەشانخانەی شوان، سنە، ٢٠١٦

23) گیوی موکریانی، فەرهەنگی گیو، چاپی یەکەم، بڵاوکراوەکانی ئاراس، هەولێر، ١٩٩٩

24) موورادی ئیرەج، فەرهەنگی ڕووەکناسی کوردستان (کوردی، فارسی، عەرەبی، ئینگلیزی و لاتین)، چاپی یەکەم، پەخشانگای کانی، سنە، ٢٠١٥

25) موفتی‌زادە موحەمەد سدیق، دیوانی مەستوورە، ئامادەکردن و پێداچوونەوە: موحەمەد عەلی قەرەداغی، زانکۆی سۆران، ٢٠٢١

26) موفتی‌زادە موحەمەد سدیق، لێکۆڵینەوەی ئەدەبی کوردی، ئامادەکردنی موحەمەد عەلی قەرەداغی، لە بڵاوکراوەکانی ئاکادمیای کوردی، هەولێر، ٢٠١٨


27) مەعرفەت حاجی شێخ یەحیا (بەرپرسی فەرمانگەی مەعاریفی کوردستان)، دیوانی دیوانی ماە شرف خانم کردستانی متخلصة بە مستورە، چاپی یەکەم، مطبعة شەورەوی، تاران، ١٣٠٤ هەتاوی

## وێنە و بەڵگە


**وێنەی ژمارە ١:** مەزاری شێخ عبدالمومن مەردۆخی (نووسەری کەشکۆڵەکە) لە گۆڕستانی شێخ شمس‌الدین مەردۆخی – ئاوایی دەرەهەرد، بەرپلەی سارال لە مەریوان



**وێنەی ژمارە ٢:** شـێعری (مەولام پەڕ جە دەرد) و (جە بێسـارانی ماڵ) یۆسـف یاسـکە و (یۆسـف دارایی) مەلا موسـتەفا بێسارانی (دەستنووسی کتێبخانەی بریتانیا بە ژمارە or.6444)




**وێنەی ژمارە ٣:** شێعری (یاسکە یاوا) یۆسف یاسکە و (یا شا ڕەها بۆ) یاسکە هەوشی (دەستنووسی کتێبخانەی بریتانیا بە ژمارە or.6444)




**وێنەی ژمارە ٤:** شێعری (یا شا ڕەها بۆ)ی یاسکە هەوشی (کەشکۆڵی سەید عەبدوڵا بڵبەری نووسراو لە ١٢٥٣ کۆچی – ئەرشیڤی سەعید حوسێنی لە مەریوان)




**وێنەی ژمارە ٥:** شێعری (جە بێساران ماڵ) یۆسف یاسکە و (یۆسف کەم نیەن) مەلا موستەفا بێسارانی (دەستنووسی سەید ئیسماعیل نووسراو لە ١٢١٤ کۆچی)




**وێنەی ژمارە ٦:** شێعری (قیبلەم بێ دەرد بۆ) یۆسف یاسكە (ئاسكە) (دەستنووسی عبدالقادر كوڕی خضر چاوش نووسراو لە ١٢٤٥ كۆچی)




**وێنەی ژمارە ٧:** شێعری (نەوبەهار نە خاك) یۆسف یاسكە (دەستنووسی فەقێ ڕەحیم نووسراو لە ١٢٤٥ كۆچی لە گوندی ڕیشێن – پێنجوێن)



**وێنەی ٨:** قەباڵەیەكی مڵكایەتی زەوی و زاری ئاوایی زێران – ساڵی ١٢٨٥ كۆچی – سەبارەت بە بەشە مڵكی كچەكانی یاسكەل (یاسین) و یارەویس، خزر وەیس و عەلی وەیس كوڕەكانی وەیس (ئەرشیڤی كاك ئەنوەر كەرەمی لە ئاوایی زێران)



**وێنەی ٩:** باسی نۆژەنكردنەوەی قەڵای پژدەر ناسراو بە قەڵاتی وسوو ئاسكە لە دەربەندی ڕانیە (پەراوێزی دەستنووسی ژمارە ٣٠٧٧-٣٠٨٢ كتێبخانەی ئەوقافی سلێمانی)



**وێنەی ١٠:** سەکۆی (تەختی) خاتوو کڵاوزەڕ لە تەنیشتی قەڵای خان ئەحمەد خان لە زەڵم (ئەرشیڤی ئیبراهیم حاجی زەڵمی)



**وێنەی ١١:** شوێنی زیندەبەچاڵکردنی یۆسف یاسکە، بەرانبەر قەڵای خان ئەحمەد خان لە زەڵم (ئەرشیڤی ئیبراهیم حاجی زەڵمی)



***JZSB*** p-ISSN: 1813-0852, e-ISSN: 2617-3034



**وێنەی ١٢:** شاخی پیر باڵێنان لە پشتی هەواری هەوەشی بەرەو شاخی هەورامانی تەخت لە نێوان ئاواییەکانی تفڵی و بنۆڵ





***JZSB*** p-ISSN: 1813-0852, e-ISSN: 2617-3034